# گوڵێکی بەجێماو



**لومە دەروێش**

**سەربازی خودان، ژنکووژن
بەبەریست و کۆمەڵێکی جەردە و دزن،
جەردەن جەللادی خودا و مرۆڤکووژن
نامرۆڤن ئازادیی سەردەبڕن
ژن سەردەبڕن
هەرچیی کەرەستەی کووشتن بێت
ئەوان بە میلیۆنەها دۆلار دەیکڕن،
سەدان پیاوی هیچی ترسنۆکبوون
سەدان دڕندەی جەنگەڵ و نۆکەرەکانی ألله و أکبر بوون
لێ ئەو یەک گوڵی تاک و تەنها و بەجێماو
سەدان جەللادی خودا بوون
ئەویش چرایەک نقوومی خوێناو،
خودا مەی دەنۆشی
جەللادەکانی بە بەرد، بە شەق، بە دار
سردی* ناسکی گوڵانیان* دەکووتی،
خودا پیاوێکی ورگ زلی قێزەونە لە هەموو هەستە جوانەکان بەدەر
جەللادەکانی شاخدارن وەک خۆی**

بۆیە لە موسڵدا هەموو بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد ألله و أکبر،

24.04.2007 دانیمارک

سرد: تازە پشکووتنی گوڵی خەلە

گوڵان: مانگی گوڵان